


# کیبۆردێکی تایبەت بە مۆبایل و تەبلێت

هەرچەندە مۆبایـــل و تەبلێت خۆیان کیبۆردیان هەیە، بـــەڵام کیبۆردەکانی تەبلێت و مۆبایل ناتوانن ویســـت و داخوازی بەکارهێنەرانی بێنێتە دی، بۆیە چەند جۆر کیبۆرد بۆ مۆبایل و تەبلێت بەرهەم هاتوون بە زۆریان بە شـــێوەی وایەرلەیس بە ئامێرەکان دەبەســـترێنەوە، بەڵام کێشەیەك هەیە لە کیبۆردەکانی مۆبایل و تەبلێت ئەوەیە کە سایزیان وەك کیبۆردی دیکەیە کە هەڵگرتنیان تا رادەیەك دژوارە..

لەم ماوەیەدا کۆمپانیای LG جۆرێك لە کیبۆردی بەرهەمهێنا کە تایبەتە بە مۆبایل و تەبلێت و دەنوشتێتەوە و دەکرێت بە ئاسانی هەڵبگیرێت.. کیبۆردی جۆری LG rolly کیبۆردێکی وایەرلەیســـە، لە پێنج بەش پێکهاتووە و بە ئاســـانی پێکەوە دەبەسترێنەوە.. پایەکـــی تایبەتیش هەیە کە دەکرێت تەبلێتەکەی لەســـەر دابندرێت و تەبلێت وەك لاپتۆپ لێبکات.. باتری کیبۆردەکە تا 3 مانگ دانابەزێت.








# رۆبۆت دەبێتە ئەندامێکی خێزان

پێدەچێت ئەو رۆبۆتانەی لە فیلمە زانستی –خەیاڵییەکاندا دەماندیتن ببن بە راستی. ئەو رۆبۆتەی کە وێنەکەی دەبینن پێی دەگوترێت BUDDY و کۆمپانیایەکی فەرەنســـی بەرهەمی هێناوە، بە رۆبۆتی کۆمەڵایەتی ناســـراوە. رۆبۆتەکە دەتوانێت بە زمانی سروشـــتی لەگەڵ مرۆڤەکان پەیوەندی دامەزرێنێ و لە مەبەستەکانیشـــیان تێبگات، جگە لەوەش ئـــاگاداری کەلوپەلـــە ئەلکترۆنییەکانی ماڵەوە دەبێت، گلۆپەکان هەڵدەکات و دەکوژێنێتەوە، ئاگاداری ئەندامانی ماڵەوە بێت، لـــەوەش گرنگتر رۆبۆتەکـــە دەتوانێت ئەندامانی ماڵـــەوە لەکاتی خۆیدا هەســـتێنێ یان وێنـــە و فیلمیان لێ هەڵبگرێتەوە.



## فڕۆكەیەكی سیخوڕی بە قەد لەپی دەست

«دراون» drawn ئـــەم باڵنـــدە دیجیتالیانەن كـــە لـــە شـــێوەی فڕۆكە دەچن، بـــەڵام فڕۆكە نین، قەوارەی ئەوانـــە گەورەن لە پرۆژە نیزامی و ئەمنییەتییەكاندا كاری سیخوڕیان پێدەكرێت.. ئێستاكە ئەو جۆرە فڕۆكانە لە بازاڕەكانی هەرێمیشـــدا دەبیندرێن، بەڵام دەزگا ئەمنییەكان بە بازرگانەكانیان راگەیاندووە كە دەبێت ئەركە سەرەكییەكەی واتە كامێراكەی دەربهێندرێت ئەوكات بیفرۆشن..

ئـــەوەی لەم وێنەیەدا دەیبینن مایكـــرۆ دراون «micro drawn»ێكە بەقەد بەری دەستە كامێرایەكی بە كوالیتی HD پێوە لكێندراوە لەرێگای كۆنترۆڵێكی تایبەتەوە یان بەهۆی ئەپلكەیشـــنێكی مۆبایلـــەوە كۆنترۆڵ دەكرێت. فڕۆكە بچووكەكە بەشـــێوەی ئۆتۆماتیك بەرزبوونەوەی خۆی رێك دەخات، دەتوانێت پێچەوانەی ئاراستەی باش بە خێرایی ٧٠ كیلۆمەتر بڕوات.



## كاتژمێر ریمۆت كۆنترۆڵی كامێرا

كاتێك مۆبایل گشـــتگیر بوو، زەنگێك بۆ مەرگی كاتژمێری دەست لێدرا، چونكە زۆر لەوانەی كاتژمێریان لەدەست دەكرد، دایان نا.. بەڵام ئێستا رەوتەكە پێچەوانە دەبێتەوە، بەهۆی هاتنی كاتژمێری هۆشمەندەوە پێدەچێت مۆبایل گرنگی خۆی لەدەســـت بـــدات، چونكە هەم كاتژمێرە سمارتەكان ئەركی مۆبایلیش ئەنجام دەدەن..

لەو فایلەدا زۆر جار باسی كاتژمێری هۆشمەندمان كردووە و ناســـاندوومانن، لێرەشدا چاوێك دەخشێنین بە كاتژمێری ســـمارتی جۆری boldr voyage. ســـتایل و كاركردنی كاتژمێرەكە هەروەك كاتژمێرێكی ئاســـاییە، چونكە خولـــەك ژمێر و چركە ژمێـــری هەیە. كاتێك ســـەیری دەكەی هەســـت پێناكەی كـــە كاتژمێرێكی هۆشـــمەندە.. چونكە لە ستیلێكی دژە ژەنگ دروست كـــراوە و لە قوڵایی ٣٠ مەتریش بـــە ئاو تێك ناچێ.. كاتژمێرەكە هەنگاو دەپێوێت و بۆ لەش جوانی و وەرزش كردن ســـوودی زۆرە، بەهۆی بلوتوســـەوە بە مۆبایلەوە پەیوەند دەدرێ. بەهۆی گلۆپـــی LED یا لەرینەوە لە پەیوەندییـــەكان ئاگادارت دەكاتـــەوە. تایبەتمەندییەكی كاتژمێرەكـــە ئەوەیـــە كاتێك مۆبایلەكەت لە شـــوێنێك جێ دەهێڵی ئـــاگادارت دەكاتەوە، هەربۆیە دڵنیا دەبی كـــە مۆبایلەكـــەت ون ناكەی، خاڵێكـــی گرنگ لە مۆبایلەكە دا ئەوەیـــە دەتوانی بە داگرتنی دوگمەیەك بـــە مۆبایلەكەت وێنە بگری، مۆبایلەكە هەتا شـــەش مانگ باترییەكەی دانابەزێت. باترییەكی تایبەتیشـــی تێدایە تەنیا بۆ كاركردنی كاتژمێرەكە.





## لاپتۆپ- تەبلێتی ئاركاس

لەناو ئەوگشـــت مۆدێل و ســـتایلە جیاوازانەی لاپتۆپدا بۆ بەكارهێنەر دژوارە كە كامەیان هەڵبژێرێ، نەخاســـمە رۆژانەش شـــتی نوێتر و ســـتایلی جیاوازتر دەكەونە بازاڕەوە.. نوێترین مۆدێلی لاپتۆپ، لاپتۆپ- تەبلێتی كۆمپانیای (archos)ی فەرەنســـیە. ئامێرێكی دیجیتالی بەكارهێنـــەر دەتوانێ وەك لاپتۆپ یان تەبلێت بەكاری بهێنێ.. لاپتۆپەكە سیســـتەمی ویندۆز ١٠ی لەسەرە. شاشەكەی ١١ ئینجە. بەشێك لە تواناكانی لاپتۆپ- تەبلێتەكە ئەمانەن:

شاشـــەكەی ١١,٦ ئینجە، كوالیتی فول ئێچ دییە. پرۆسیسەرەكەی ئەنتەلی چوار بەشییە. رامەكەی دوو گێگابایتە. میمۆری ناوخۆیی ٣٢ گێگابایتە..

# فەرمانە گرنگەکانی ویندۆز ١٠

ویندۆز ١٠ گەرچی زۆر لەمێژ نییە بەشێوەیەکی فەرمی لەلایەن مایکرۆسۆفتەوە خراوەتە بازاڕەوە، بەڵام پێدەچێ پێشوازییەکی گەرمی لێکرابێ، چونکە تێکەڵێکە لە ویندۆز ٧ و ویندۆز٨ بە گەلێك تایبەتمەندی دیکەوە.. بەشێك لە فەرمانە گرنگەکان واتە ئەوانەی بە کیبۆرد ئەنجام دەدرێن لە ویندۆز ١٠ ئەمانەن:

بە داگرتنی دوگمەی پەنجەرە و لەگەڵ دوگمە TAB دەتوانی پەنجەرەی ئەو پرۆگرامانە بکەیەوە کە کراونەتەوە.

بە داگرتنی دوگمەی Alt+tab دەتوانی لە نێوان پرۆگرامە کراوەکان جێگۆڕکێ بکەی.


بە داگرتنی دوگمەی ctrl+alt+tab دەتوانی سەیری ئەو پرۆگرامانە بکەی کە کراونەتەوە.

بە داگرتنی دوگمەی پەنجەرە لەگەڵ دوگمەی یەکێك لە سەهم (تیر)ەکان، دەتوانی پەنجەرەکان بجووڵێنی یان بچووك و گەورەیان بکەیەوە.

دوگمەی پەنجەرە + comma دەتوانی دیسکتۆپ بە شێوەی کاتی بچووك بکەیەوە.

دوگمەی پەنجەرە+ ctrl+D زیادکردنی دیسکتۆپێکی نوێ.

دوگمەی پەنجەرە و Home بچووککردنەوەی تەواوی پەنجەرەکان. ئەوانە بەشێك بوون لە فەرمانە گرنگەکانی ویندۆز ١٠ دیارە فەرمانی گرنگی دیکەش هەن کە دەکرێت لەکاتی کارکردندا تاقی بکرێنەوە..




# لینۆڤۆ و تەبلێتێک بە ستایلێکی جیاواز دەخاتەڕوو

کۆمپانیای چینی لینۆڤۆ Lenovo کە بەیەکێك لە کۆمپانیا گرنگەکانی بواری بەرهەمهێنانی ئامێری دیجیتالی دەژمێردرێ، لە پیشانگای IFA بەرلیندا تەبلێتێکی نوێی بەناوی YOGA tab٣ بەرهەم هێناوە، تەبلێتێکە شاشەکەی دە ئینجە. تەبلێتەکە لە ستاندێکی تایبەت سوود وەردەگرێ. جگە لەوەش سیستەمی ٣D Dolby atmos تێدایە و کامێراکەی ٨ مێگاپیکسلە و لەسەر ماژۆلێکی جوڵەدار داندراوە دەکرێت بۆ پشت و پێشەوە بیسوڕێنیێ. بۆ سوود وەرگرتن لە تەبلێتەکە دەکرێت لە قەڵەمی ستایلۆس سوود ببینی، بەڵام دەشکرێت هەر چەشنە ئامێرێکی گەیەنەر وەك قەڵەم سوود لێوەربگری. سیستەمی ئەندرۆید ڤێرژنی ٥ی لەسەرە. رامەکەی یەك گێگابایتە. هاردەکەی ١٦ گێگابایتە و دەکرێت هەتا ١٢٨ گێگابایتیش زیادی بکەی.

# هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک



خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت، فایلێکی WORDم هەیە پێشووتر پاسۆردم لەسەر داناوە، ئێستا پاسۆردەکەم لەبیر چۆتەوە چ ڕێگایەك بگرمە بەر؟

خوێنەری بەڕێز چەند پرۆگرامێك هەن کە ئەرکیان کردنەوەی پاسۆردی ئەو فایلانەیە وەك پرۆگرامی ADVANCED OFFICE PASSWORD RECOVERY، جگە لەوەش دەتوانی بەم شێوەیەش کۆپی نووسینی فایلەکە بکەی، سەرەتا لاپەڕەیەکی نوێ بکەوە، پاشان بچۆ بۆ بەشی INSERT و دواتر فەرمانی OBJECT لێبدە کە کەوتۆتە لای راستی شریتەکە، لەویشدا فەرمانی TEXT FROM FILE لێبدە، ئەوکات ئەو فایلەی نهێنی لەسەر داندراوە هەڵبژێرە و بەئاسانی تێکستەکە کۆپی دەبێت.



# پرۆگرامێک بۆ خێراکردنی کۆمپیوتەر




گەلێك پرۆگرام هەن بەمەبەستی خێراکردنی کۆمپیوتەر داندراون، لە ریزی پرۆگرامە هەرە باشەکان پرۆگرامی Auslogics boostspeedە، ئەم پرۆگرامە لە ماوەیەکی کەمدا خێرایی بوونی کۆمپیوتەر و خێرایی ئینتەرنێت دەباتە سەرێ، ریجستەری پاك دەکاتەوە، دیسکەکانی کۆمپیوتەر خاوێن دەکاتەوە. پرۆگرامی ناو براو لەماوەی چەند خولەکێکدا هەڵەکانی ویندۆز دەدۆزێتەوە و رێگا چارەکان دەست نیشان دەکات، خاڵێکی گرنگی پرۆگرامەکە ئەوەیە کە ریکلامە جارِز کەرەکان لا دەبات. ریجستەری لە پرۆگرامە زیان بەخشەکان دەسرِێتەوە، ئیزن نادات پرۆگرامە سیخورِییەکان دزە بکەنە ناو کۆمپیوتەر.




# سایتێک دوای خوێندنەوەی ئیمێل پاکی دەکاتەوە

زۆر جار هەیە نیازت هەیە ئیمێلێك بۆ کەسێك بنێری و زۆر شتی نهێنی تێدا بنووسی، بەڵام حەز دەکەی هەر دوای خوێندنەوەی ئیمێلەکە بسرِێتەوە و ئاسەواری نەمێنێ.. یان بۆ ئەوەت بێ خۆت لە ئیمێلەکە نەکەی بە خاوەن. بۆ ئەم مەبەستە سەر لە سایتی HTTPS://SECRETINFO.IR/HOME/ بدە کە سایتێکی ئێرانییە، لەم سایتەدا ئەوەی مەبەستە لە بۆکسێك کە دیاری کراوە بینووسە و دواتر لەو شوێنەی کە بۆ ئادرەس داندراوە، ئێملی ئەو کەسە بنووسە کە بۆی بەرِێ دەکەی و دواتر دوگمەی بەرِێکردن لێبدە. هەرکە ئیمێلەکە کرایەوە دوایی خوێندنەوەی ئۆتۆماتیکی دەسرِێتەوە.